# زۆنگاوی پڕوپوچەکان

:ئەهای حەسەنۆ بۆ کوێ ئۆغردەکەی؟
:هەی بێئەدەبی لە خۆدەرچوو جارێ کوا سڵاوو مەرحەباییەکەت! هەتیوو دەڵی لە ئەشکەوتا گەورەبووی. ئەوە تۆش توشی خۆبادانی حیزبی بووی!
:تەیەح لەو چروچاوە١ دەک ماڵت وێران نەبێ بۆ خۆت و ڕیش و ئەم کڵاوەی لەسەت ناوە.
:جا ئەوە بۆ کێشەی تۆیە گەوجە. بۆ تۆ لەگەڵ ڕیش و کڵاوەکەم قسەدەکەی یان لەگەڵ ڕۆحی من.
:فەرقتان نییە. هەموو هەر یەک جەستە و یەک شکڵ و یەک بابەتن.
: چۆن وا دنیا حیساب دەکەی! ئاخر مەگەر نازانی من یەکێک لە پێشەنگانی وڵاتم. ئاخر نازانی لە شۆڕشدا هیلاک بووم. خاڵ و مام و پورزام پێشمەرگەبوون. نازانی ئەگەر منیش کارمەندی حکومەت بوومایە ئیدی کەوشی لاستیکم لە پێنەدەکرد. دەزگیرانەکەم پیرنەدەبوو. ماڵ و ئوتۆمیبل و ژیانی ئاساییم دەبوو. ئاوا خۆم دەبوومە خاوەنی دیوەخانی خۆم.
: ئەها.. ئەوە بۆیە ئەو تەسحێبە عەجایبەت بەدەستەوەگرتووە، تا لەگەڵ هەرکەس کەوتییە قسە ئەمانە بە دەنکی تەسحێبەکەت بۆی حیساب بکەی، وانیە حەسەنۆ؟
: نانا ئەوە قسەی پڕوپوچی ڕۆژانەی سیاسیەکانی وڵاتی پێدەبژێرم. ئەوەی پێدەبژێرم بەمێژوو بڵێم ئەوە خەڵکی خاوەن بەها و خوێن پاکەکانن بێ ناو دەمرن و داوای هیچ پاداشێکیان نەبووە.

: چی! بۆ مەگەر ڕەهبەرانی ئێمە قسەی پڕوپوچ دەکەن نا حیساب و چڕوچاو ناشیرین.
: نا ئەستەخفیڕوڵا نا. سیاسەت و تێگەیاندنی حەقیقی پڕوپوچ نییە. بەڵام سەرکردە و حیزبی خێزانی و کادری خێزانی و خۆمەخۆمە و هەمووشت هی ماڵی خاڵمە نا. ئاوا یانی ئەوەی کە بووە سەرکردە تا لەسەر تابوتی دادەنێن هەر خۆی حیسابە مەبەستمە.
: وست دەست لەم قسە پڕوپوچانە هەڵگرە دەڵێ داهۆڵی سەربێستانی بەخۆت ئەم ڕیش و کڵاوەتەوە. وەمزانی چوییە هەندەران برێک دنیای نوێت دیوە گۆڕان بەسەر ئەقڵتا هاتووە. نەمزانی تۆش وەک بەناو دکتور و مامۆستای زنکۆکان لە ئوروپاوە دێنەوە، لێمان دەبنە قوڵە دەرەبەگەکەی جاران و کۆمەڵەڵێک ئەقڵی پوچ لە دەوری خۆیان کۆدەکەنەوە، دەڵێن ئێمە ڕزگارکەری وڵاتین.
: ئەها! حاڵی بووم چاوەڕوانی چیت هەیە. یانی بەتەمای ئەوەی کوتی چومە زانکۆ و عیلمی قسەکردن فێربووم، ئەوە عیلمی دێموکراسی و عەداڵەتیش لەگەڵ خۆی دەهێنێ؟ بەڕاست تۆ پێتوایە ئەوەی گیڤی چونە هەندەرانی لە خۆیدا و پێناسەی زانکۆیەکی لە بەرۆکی دا، ئەوە ڕزگارکەری ئەقڵی قەتیسی ئێمەیە.
: بۆ نا. مەگەر هەر خوێندەوارەکان نیین سەرتۆپی مەعریفە باشەکانن بۆ ڕامیاریە تەندروستەکان.
: بەڵێ زۆر ڕاستە خوێندەوارە بە مەعیرفەکان. کەسانی خاوەن جەوهەر ئەوانەی وانەی ڕاستی دەڵێن زامنی ئەوەن ژیانی تەبایی دەستەبەردەکات. زۆر دوورمەڕۆ تەنیا چاوێک لە

دەوروبەری خۆت بکە ئیدی لازم بە شاهید و بەڵگە و دەمەلاسکە ناکات. ئەوە بزانە تا ئەقڵی ئێمە لە ئەقڵی خێڵەکی و دەرەبەگی دانەبڕێ هەر ئەوەین کە هەین. بەڵام دادەی پێمبڵێ ئەو هەموو حیزب و خوێندەوار و مامۆستای زانکۆ و وانەبێژە سیاسیانەی دەمڕاستی شۆڕشی ژینابوون، ئەوانە چەندە لە بەرژەوەندی خۆیان کۆتاهاتن بۆ یەک دەنگی گەل. ها. ئەی هەر ئەو خوێندەوار و ئەوانەی لە قاوەخانەکان و ئەو کاتەی سەرخۆشن باسی مافی گەلان دەکەن. باسی برایەتی و تەبای دەکەن، نەبوون هەرکام بۆ پڕکردنی گیرفان و ناوی خۆی شۆڕشیان وێرانکرد. ئەگەر وانیە ئەو ڕیشەم دەتاشم تا کەسی وەک جەنابت قەشمەریم پێنکەن.

: حەکوو تۆش خوی بەزامی دووبەرەکیدادەکەی.

: نا بەسەری خاڵت مەبەستی بێئەدەبیم نییە. غایەتکی بەم چڕوچاوە ناشیرین و بەم کڵاوە نالەبارەی لەسەرم ناوە، دەمەوێ ئەوە بەتۆی سادە و خەواڵو بڵێم، تا ئێمە لە کۆڕی قسەی پڕوپوچ دەرنەچین. تا خۆمان بەوەنەگەین خۆمان و ئەقڵی خۆمان زامنی ماف و ژیان و ئارامیمانە، دەنا هەر وەک خەڵکی کورد و فەلەستین و ئێراق و ئەفغانستان کۆیلە و هەڵوەداین. جا هەرچی پێمدەڵێی جار بەجەهەندە. ئەگەر خۆمان خۆمان دروست نەکەین، دەبێ دایم بیر لەوەبکەینەوە هەر کەس ڕەخنەمان لێبگرێ بەخائین و خۆفرۆش و پیسی بزانین. ئەوەنییە لەسەر بچوکترین ڕەخنە هەموو سنووورە ئەخلاقیەکان دەبەزن، ئائا بۆیە ئەم تەسبێحەم بەدەستەوەگرتووە گەوجی وەک خۆم و تۆ و ئەوانەی کۆیلەی

نەزانی دەست دەسەڵاتن ببژێرم، بزانم ئەم دەڤەرە چەند گەمژەی وەک خۆمی تێدایە. تۆش پێتوانیە خولە؟

ئەحمەد بەهرامی"تورجانیزادە". ٢٠٢٣/١١/٢٥